Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٣٠٦

# ڕێککەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی و اتای دەقدا

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زمان – بەشی کوردیی

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕێککەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی دەقدا) لێکۆینەوەیەکی زمانی ئەدەبییە. هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو تیۆریانەی لە پێواژۆ زمانییەکاندا بە ئەنجامگەیەنراون، لە بواری دەق ئەدەبییشدا بەجێبگەیەنرێن. واتە دیوە پراکتیکییەکەی دراسەی بواری زمان بۆ بوارو زمانی ئەدەبی بەکاربهێنرێت. لە ڕاستییدا هەوڵەکە بۆ داهێنانی مۆدێلێکە بۆ دنیای لێکۆڵینەوەی کوردیی تا بەهۆیەوە هەنگاوەکانی بواری زمان بە سودی ئەدەبیش بکەوێتەوە.

توێژینەوەکە بە تیۆرەکانی زمان دەستی پێکردووە. ئەویش بەو شێوەیەی هەنگاوەکانی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ دیاریکردن وخستنەڕووی پێواژۆی/پرۆسێسی ڕێککەوتن(Agreement) و مەرج و بنەماکانێتی لە زمانی کوردییدا، واتە لەو بارەیەوە هەموو ئەو هەنگاوانەی پەیوەست بە ڕێککەوتنەوە لە دروستە سینتاکسییەکانی کوردییدا جێبەجێ دەکرێن و ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە ئایا ڕێککەوتن چ کاریگەرییەکی لە نواندنی(representation) سینتاکسیی و واتاییدا هەیە، تا دواتر لە دەق بەگشتیی و دەق شیعرییدا جێبەجێبکرێت. لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بە بەستنەوەشەوە (binding) هەنگاوەکان دەنێت و تێۆرییەکە لەسەر زمانی کوردیی جێبەجێ دەکات و ڕەهەندە سینتاکسیی و واتاییەکانی بەستنەوە لە ڕستەدا دەخاتە ڕوو تا بەستنەوە جیاوازەکانی نێوان فرێزەکان دەربخرێن و ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە ئایا لە زماندا بەستنەوەی جیاوازی فرێزەکان واتای جیاوازی ڕستە دەردەبڕێت. پاشان تیۆری بەستنەوە لە هەندێک دەق شیعرییدا جێبەجێدەکرێت.

Article Info

Received: June, ٢٠٢٠

Revised:June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

Keywords

ڕێککەوتن،بەستنەوە، شیکردنەوە،، واتای دەق.

Corresponding Author

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq


**پێشەکی:**


لێکۆینەوەیەکی لێکۆڵینەویەکی زمانیی ئەدەبییە، ئەویش بەو شێوەیەی هەنگاوەکانی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی پێواژۆی/پرۆسێسی ڕێککەوتن(Agreement) و مەرج و بنەماکانێتی لە زمانی کوردییدا، واتە لەو بارەیەوە هەموو ئەو هەنگاوانەی پەیوەست بە ڕێککەوتنەوە لە دروستە سینتاکسییەکانی کوردییدا جێبەجێ دەکرێن و ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە ئایا ڕێککەوتن چ کاریگەرییەکی لە نواندنی(representation) سینتاکسیی و واتاییدا هەیە، تا دواتر لە دەقیی شیعرییدا جێبەجێبکرێت. لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بە بەستنەوەشەوە (Binding) هەنگاوەکان دەنێت و تیۆرییەکە لەسەر زمانی کوردیی جێبەجێ دەکات و ڕەهەندە سینتاکسیی و واتاییەکانی بەستنەوە لە ڕستەدا دەخاتە ڕوو تا بەستنەوە جیاوازەکانی نێوان فرێزەکان دەربخرێن و ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە ئایا لە زماندا بەستنەوەی جیاوازی فرێزەکان واتای جیاوازی ڕستە دەردەبڕێت. پاشان تیۆری بەستنەوە لە هەندێک دەقی شیعرییدا جێبەجێدەکرێت.

١/١) پەیرەوەی ڕێککەوتن لە زماندا

ڕێککەوتن پەیوەندیی سینتاکسییانەو واتاییانەی نێوان سەر(Head)و تەواوکەر(Complement)ە، واتە پەیوەندیی نێوان (x, y)ە http://www.eggschool.org/wp-content ، بشڕوانە هێڵکاریی (١). بەو پێیەی سەرە ڕێزمانییەکان (کردارو ئاوەڵناوو ناو(ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ)و پێشناوو....)کانن. (Cook & Newson (١٩٩٧: ٥٥). واتە ڕێککەوتنەکە لە نێوان ئەوانەو تەواوکەرەکانیاندایە. تەواوکەرەکان دروستەی فرێزیان هەیەو لە چەشنەکانی فرێزی ناویی/ دیارخەریی/ خستنەپاڵی ئاوەڵناویین . هەریەکێک لەو سەرە ڕێزمانییانەی ئاماژەیان پێدرا لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا لەگەڵ تەواوکەرەکەیان ڕێکدەکەون، بڕوانە نموونەی (١)

هێڵکاریی (١)




لە نموونەی (١)دا لە سنووری کەوانە شکاوەکاندا دەسەڵاتی(X) ەکان خراونەتە ڕوو، کە ئەگەر سەرنج بدرێت، (X)ەکانی لە جۆریی ناوو ئاوەڵناوو پێشناو، ڕێککەوتنەکەیان ئەبستراکتەو مۆرفۆلۆژیانە نیین(بە مۆرفێم روویان نەداوە)، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەX) : ، (Yهاوسێی یەکن، (ب) ڕێککەوتنی سەر لەگەڵ تەواوکەرەکان ڕێککەوتنێکی پۆلەرەگەزیانەیە (Categorical

( Agreement، ئەویش بەوپێیەی سەرەکانی ناوو ئاوەڵناوو پێشناو هەمیشە لەگەڵ فرێزی ناویی ڕێکدەکەون (ئاوات ساڵح قادر (٤٥-٥٥: ٢٠١٥)). هەر لە نموونەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە کردار لەبەرئەوەی پەیوەندیی هاوسێ لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا نییە، بۆیە ڕێککەوتنەکەی ئەبستراکت و مۆرفۆلۆژیانەیە (بە مۆرفیمە). لێکۆلینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئەوانەی ناونراون جێناوی لکاو، مۆرفیمی ڕێککەوتن بن، کە بە پێی نیشانەکانیان ڕێککەوتنی سینتاکسیی و واتایی لە نێوان سەرو تەواوکەردا ئەنجام بدەن، بڕوانە نیشانەکانیان لە (٢) دا.

٢) **من**

| من | م |
| --- | --- |
| +کەس | +کەس |
| +ژمارە | +ژمارە |
| +توخم | +توخم |

| ئێمە | مان | ین |
| --- | --- | --- |
| +کەس | +کەس | +کەس |
| +ژمارە | +ژمارە | +ژمارە |
| +توخم | +توخم | +توخم |

وەک لە (٢)دا دەردەکەوێت، مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، بە پێی نیشانەی جێناوە سەربەخۆکان پرۆسەی ڕێککەوتن بەرجەستە دەکەن. بۆ نموونە گەر بڕوانرێتە کرداری (خەڵاتکرد) لە نموونەی (١)، ئەوا دەردەکەوێت، کە پەیوەندیی هاوسێیەتیی لە نێوان سەرەکە/کردارەکەو تەواوکەرەکەیدا /( مامۆستاکەی من)دا نییە، بۆیە لە ڕووی سینتاکسییەوە بە هۆی مۆرفیمی ڕێککەوتنەوە (ی) کردارەکە دۆخ دەدات بە تەواوکەرەکەی، لە ڕووی واتاشەوە هەمان نیشانەی واتایی جێناوەسەربەخۆکان وەردەگرێت. هەرچەندە لە (٢)دا نیشانە پێشبینییکراوەکانی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن خرانەڕوو، بەڵام ئەگەری گۆڕینی نیشانەکانیان بە پێی ئەو فرێزەی لەگەڵی ڕێکدەکەون هەیە، بڕوانە شیکردنەوەکانی بەپێی نموونەکانی (٣).

٣) ا. نەسرین کتێبەکانی کڕی.

+کەس/مرۆڤ
+ ژمارە/تاك
+ مێ
+/− شووکردوو

ب. نەوزاد سێوەکانی خوارد.

+ کەس/ مرۆڤ
+ ژمارە/تاك
+ نێر
+/− ژندار

پ. سەگەکە گۆشتەکە ی خوارد. ← ئەوە گۆشتەکەی خوارد ← * ئەو گۆشتەکەی خوارد.

+ ئاژەڵ
+ ژمارە/ تاك
+/− نێر

ج. کورسییەکە قاچەکە ی شکا. ← ئەوە قاچەکەی شکا. ← *ئەو قاچەکەی شکا.

+ بێگیان
+ ژمارە/ تاك
+ هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کورسییەکە هەیەتی


ئەو بەڵگانەی لە نموونەکانی (٣)وە دەستدەکەون، ئەوە دەسەلمێنن، کە واتای مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن داینامیکیی و جوڵاوە، بۆیە بەپێی ئەو فرێزەی لەگەڵی ڕێدەکەوێت حوکمی واتایی دەکرێت. کەواتە دەشێت واتاکەی بەپێی زانیاریی کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت پراگماتیکیەکانیش لە زیادبووندابێت، بۆ نموونە هەموو زانیارییەکان پەیوەست بە تایبەتمەندیی جەستەیی و کۆمەڵایەتیی و ژیان و ڕەفتاری (نەسرین و نەوزاد و سەگەکە) لە مۆرفێمە ڕێکەوتنەکەدا گەنجدەکرێت/خەزندەکرێت .

لە ڕاستیدا داناميکيەتی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتنی پەیوەستە بەو جێناوە سەربەخۆیانەی بۆ کەسن، نەک بۆ فرێزەکان، چونکە لە زمانی کوردییدا هەردوو فرێزی {سەگەکەو کورسییەکە}ناکرێنە جێناوی سەربەخۆ، بەڵکە دەکرێنە جێناوی نیشانە ، ئەویش لەبەرئەوەی جێندەر/جۆریی کۆمەڵایەتیی ئەوانە ناگەنە کەس/ مرۆڤ، بڕوانە دەرکردەی نموونەکانی (٣_پ،ت). ئەوەش بە


خشکەیی ئەوە دەبڕێت، کە لە زمانی کوردییدا تەنها سەربەخۆکان جێناون نەک لکاوەکان (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (١٨٣-١٩٠: ٢٠١٨)). لکاوەکان تەنها ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێدەکەن، کە لە ڕووی واتاوە لەلایەن سەربەخۆکانەوە بۆیان پێشنیاز دەکرێت.

هەبوونی مۆرفێمەکانی ڕێکەوتن لە زمانی کوردیدا وادەکات، ڕستە نواندنێکی مۆرفۆسینتاکسیانەشی هەبێت. مۆرفۆسینتاکس: (ا) پەیوەست بە پریدیکاتەوە، لەسەربنەمای مۆرفێمەکانی ڕێکەوتن ڕوودەدات (ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥: ٥٣- ٥٩)) بڕوانە (٢٣_ا)، (ب) بەڵام پەیوەست دروستەی زانیارییەوە (Information structure)لەسەر بنەمای زانیاریی پێشوتر (زانیاریی کۆن) بەرهەمدێت. مۆرفۆسینتاکس کە نواندنی دروستەی ڕستەیەکە بە مۆرفێم، دەرنەبڕینی ئارگومێنتی بکەرو بەرکار لە ڕێگەی هاونیشانەکردن و ڕێککەوتنەوە ڕێگا پێدراوە.(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٢: ٢٠١٤ )) بەوەش مۆرفۆسینتاکس دەبێتە ئاستێکی ڕووکەشی دروستەی ڕستەیەو نواندنێکی تری پێکهاتە واتاییە، واتە مۆرفۆسینتاکس پێهاتەیەکی واتایی سەربەخۆی نییە، بەڵکو واتاکەی لە دروستە سینتکسییەکەیەوە وەردەگرێت. وەک لە شیکردنەوەی نموونەکانی (٣)وە ڕوونکرایەوە، مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بەتەواوی لە ڕووی سینتاکس و واتاوە پەیکاڵی جێناوە سەربەخۆو فرێزەکانن، بۆیە ئەوە وادەکات، سەربەخۆکان دەرنەبڕدرێن و بکرێنە دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی. بڕوانە پرۆسەی دروستبوونی مۆرفۆسینتاکس لە (٤)دا .

٤) ا. من تۆم بینی.




هەنگاوەکان لە نموونەی (٤)دا ئەو دەردەخەن، کە دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی بە تەنها واتاکەی لێکنادرێتەوە، چونکە: (ا) مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن واتاکەیان وابەستەی سەربەخۆکانەو بەهۆی ئەوانەوە لێکدەدرێنەوە، (ب) کردار لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا هەڵاوێرکردنی سینتاکسی و واتایی نییە، بەڵکو پێشتر هەڵاوێرکردنەکەی لە دروستە سینتاکسییەکەدا کردووە، (پ) واتای دروستەی مۆرفۆسینتاکسی بە بێ گەڕانەوە بۆ دروستە سینتاکسییەکە، فۆرمێکی واتا ناڕوون بەرهەمدێنێت، بڕوانە نموونەکانی (٥).




ت. تێمخست Ø (پەیوەست بە واتای نموونەی (٥_ب)وە واتاکەی لێکدەدرێتەوە) یان (لێکدانەوەی واتای دروستەکە بەتەنها، پێشبینی واتای تابۆی لێدەکرێت)

دەرکردەکانی نموونەکانی (٥_اب) پەیکاڵی واتاکانی نموونەکانی (٥_اب)ن و بەهۆی ئەوانەوە لێکدەدرێنەوە بۆیە: (ا) دروستەکە سەربەخۆیی واتایی نییە، (ب) لە ڕووی سینتاکسییەوە دروستەکە لە ڕووی دروستەی ئارگومێنتەوە (Argument Structure) زانیارییە سینتاکسیی کردارەکانی جێبەجێنەکردووە. گەر بڕوانرێتە نموونەکانی (٥_پ ت)، کە نموونەیەکی بێلایەنی مۆرفۆسینتاکسیین، ئەوا لە (٥_پ)دەردەکەوێت، کە دروستەکە واتایەکی ڕوونی نییەو نازانرێت نیشانەکانی ئارگومێنتەکانی پریدیکات/کرداری (خواردن) چیین، بەوەش واتاکەی ناڕوون دەبێت، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە دەشێت دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە پێشبینی واتایەکی ئیدیەمیی لێبکرێت، چونکە لە زمانی کوردییدا پریدیکاتی/کرداریی (خواردن) واتایەکی پێکهاتەیی(Compositional)و ناپێکهاتەیشی (Non Compositional) هەیەو دەربڕینی ئارگومێنتەکانی لە سینتاکسدا، ئەوە یەکلادەکاتەوە، بڕوانە نموونەی(٦)، بۆیە دەبێت پشت بە زانیارییەکانی دروستە سینتاکسییەکەی ببەسترێت نەک مۆرفۆسینتاکسییەکەی. هەروەها دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (٥_ت) سەرەڕای ئەوەی لێکدانەوەی واتاکەی ناڕوونە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە تابۆیەو ئاخێوەری زمان خۆی لە گوتنی دەپارێزێت .

٦ ) ا. خواردنی ⟵ کردارەکە بە واتا پێکهاتەییەکەیەوە بە پێی ڕستەیەکی لە جۆری (٥_ا) لێکدەدرێتەوە. بڕوانە (٦_ب). پێشبینی واتای ئیدیۆمیی لێدەکرێت بڕوانە (٦_ب)

ب. خواردنی ⟵ ژنەکە پیاوەکانی خوارد. (ژنەکە بە هاری خۆی پیاوەکانی بە قسە خوارد.)

⟵ ئەو سێوەکانی خوارد .

لە ڕاستییدا وەک لە نواندنە سینتاکسییەکەی (٥_ا)یشدا دەرکەوتووە، هەرچەندە مۆرفێمی ڕێکەوتنەکە بە بەرکارەوە لکاوە، بەڵام ڕێککەوتنەکە بۆ پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان بکەرو کردارەکە دەگەڕێتەوە نەک بەرکار، ئەویش لەبەرئەوەی (ا) : پەیوەست بە سینتاکسییەوە ڕێککەوتن وەک پەیوەندیی نێوان(spec.) و سەرەڕێزمانییەکان لێکدەدرێتەوە( Roberta D' Alessandro (٢٠٠٣:٣))بەرکەریش لە(spec.) وە لەگەڵ کردارەکە ڕێکدەکەوێت، (ب) بەرکار هاوسێی کردارە، بۆیە ڕێکەوتنەکەی مۆرفۆلۆژیانە نییە/ بە مۆرفێم نییە. لکاندنی مۆرفێمی ڕێککەوتن بە بەرکارەوە وادەکات پێشبینی دوو واتا لە دروستەکە بکرێت، بۆیە لێکدانەوەی واتایی دروێتەکە ناڕوون دەکات، بڕوانە (٧).

٧) ا. نەوزاد خانووەکەی پاککردەوە.

ب. ئەوان سەیارەکەیان فرۆشت.


نموونەی (٧) دەربڕینێکی سینکرۆنیانەی/ هەنووکییانەی زمانی کوردییەو تەنانەت بە ڕێنووسیش هەر بەو فۆڕمەوە بەرجەستە، هەر ئەوەش وای کردووە، بەهۆی ڕێکەوتنەکەیەوە دوو واتای لێهەڵبهێنجرێت. لە نموونەکەدا ڕێککەوتنەکە لە سەرێکەوە بەهۆی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی فرێزە بەرکارییەکەوە دروست بووە، لەسەرێکی ترەوە مۆرفێکە بۆ ڕێکەوتنی نێوان بکەرو کردار دەگەڕێتەوە، بڕوانە ڕەهەندە واتاییەکانی یەکێک لە ڕستەکانی (٧) لە (٨)دا.

ئەوان سەیارەکە هی خۆیانە.


٨) ئەوان سەیارەکەیان فرۆشت.

ئەوان سەیارەکە هی خۆیان نییە، تەنها فرۆشتوویانە.


بەڵگەکان بۆ هەریەک لە دروستەی سینتاکسی ئەوەیان سەلماند، کە پەیڕەوی ڕێککەوتن لە زمانی کوردییدا سینتاکسی_سیمانتیکییە. ئەوەش لەبەرئەوەی: (ا) لە ڕووی سینتاکسییەوە دروستەی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیی پرۆژەی مۆرفێمی ڕێککەوتنە و ڕێککەوتن حوکمدەکات، بڕوانە نموونەی (٩)و هەردوو هێڵکاریی (٢)و (٣). (ب) لە ڕووی سیمانتیکیشەوە دروستەیەک لە بوون بە سینتاکس و بوون بە مۆرفۆسینتاکسدا، ڕێککەوتنەکەی وادەکات، واتای جیاوازی لێهەبهێنجرێت، کە واتایی و ئیدیەمیی و کۆمەڵایەتیین، بڕوانە نموونەکانی (٥و ٦و ٨) لەسەرەوە .




هێڵکاریی (٢) سینتاکسیی



**هێڵكاریی (٣) مۆرفۆسینتاكس**





له ڕوانگەی جێبەجێكردنەكانی سەرەوە، دەتوانرێت بگوترێت لە ناو زمانی كوردییدا پێڕەوی ڕێككەوتن لە سینتاكس و مۆرفۆسینتاكسیشدا ڕەهەندی واتایی جیازازیان هەیە، ئەوەش پێشبینی ئەوەی لێدەكرێت لە پەیوەندیی ئاخاوتنی قسەكەرو گوێگردا ڕچاوبكرێت و لە زمانی شیعرییشدا شاعیر پەیامە شیعرییەكەی پێبگەیەنێت. هەرچەندە زمانی شیعریی فۆڕمێكی بەكارهێنراوی تاكلایەنانەی شاعیرە، بەڵام دەشێت شاعیر لە ڕێگای فۆڕمێكەوەی تایبەت بە خۆیەوە ئەو واتایەی خۆی دەیەوێت بەرجەستەی بكات، بەڵام لە ڕاستییدا شاعیرێكی كوردیی ئەو تایبەتمەندییە پەیوەست بە دروستەی ڕێككەوتنەوە لە زمانی كوردییەوە هەڵدەهێنجێت، هەروەها پێشبینی دەكرێت، دروستەیەكی ڕێككەوتن بەرهەمهێنێت، كە بەشێك بێت لە زمانە شیعرییەكەی. پەیوەست بە ڕێككەوتن و بەستنەوە لە دەقی شیعریدا بڕوانە پاری دواتر.

١/٢) پێڕەوی بەستنەوە لە زماندا

تیۆری بەستنەوە وەک لقێک لە تیۆرەكانی ڕێزمانی حوكمكردن و بەستنەوە، بە شێوەیەكی گشتیی لە دابەشبوونی فرێزەكانی ناو ڕستە دەدوێت و ئەو شوێنانە دیاریدەكات، كە تیایدا فرێزێک لەگەڵ فرێزێكی تردا هاونیشانە دەبێت. كەواتە بەستنەوە لە نێوان فرێزە تەواوكەرەكاندایە (y, y) پەیوەندیی بە سەروتەواوكەرەوە نییەو تیۆرەكە خۆی بە دیاریدەی هاوئاماژەیی و هاونیشانەكانی نێوان فرێزەكانی ناو ڕستەوە خەریكدەكات( Trask (١٩٩٣ : ٣٠ ، بڕوانە هێلكاریی (٤). چۆمسكیی پێیوایە، كە گرێیەک بەمەرجێک گرێیەک دەبەستێتەوە، كە وەچەئاراستەی بكات و هاونیشانە بێت لەگەڵیدا .(Chomsky (١٩٩٣ : ١٨٤ تیۆرەكە لەسەر بنەمای جێناوە خۆیی (ئەنافۆرەكان )و جێناوی كەسیی سەربەخۆو دەربڕەئاماژەدەرەكان/ناوەتایبەتییەكان، یاساو ڕێساكانی دادەڕێژێت، بەپێی جیاوازیی بەستنەوەو ماركەلێدانی هەریەک لەو جۆرانەی فرێزی ناویی دەركردەی واتایی جیاواز دەستدەكەون، بۆیە دەكرێت بگوترێت، كە تیۆرەكە تیۆرێكی سینتاكسیی_سیمانتیكییە. ئەویش بەو پێیەی بەستنەوەكە لەنێوان فرێزەكانی ناو ڕستەیەكدایەو بە پێی بناماكەش ئەوە پێشنیازدەكرێت، كە ئانافۆرەكان هەمیشە بەستراوەو نائازادن (بڕوانە (١٠_ا)، كە ئانافۆرە

بەستراوەکە دروستەیەکی ڕێزمانیی هێناوەتە ئاراوە، کەچی لە (١٠_ب،پ)دا پێچەوانەکەی ڕوویداوە)، بەڵام جێناوی کەسیی و ناوەتایبەتییەکان هەمیشە ئازادن، واتە نابێت ببەسترێنەوە بڕوانە (١١_اب). (١٦٦ : ١٩٨٦a) Chomsky لادانیش لەو بنەمایە ڕستەکە نارێزمانیی دەکات، واتە تیۆرەکە لە ڕووی فۆرم و جۆری فۆرمەوە باس لە سینتاکسیی بەستەنەوە دەکات. بەوەش پەسنی ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری زمانێک ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە بەستنەوەی نێوان فرێزەناوییەکان لەلایەو بەهۆیەوە ڕستەی نارێزمانیی لە جۆری (١١ _ پ، ت) پێدەناسێتەوە. نموونەکانی (١٠-١١) ئاماژەدانە بە بەستنەوەو پەیوەندیی فۆرمیی نێوان فرێزەکانی ڕستە. واتە پشتی بە بەستنەوەی واتایی نەبەستوە، چونکە ئەوە ڕادەگەیەنێت، (NP)ی ئانافۆریی بەستراوەیەو (NP)یەک جێناوی سەربەخۆو ناوی تایبەتیی بێت نەبەستراوەیە .

**هێڵکاریی (٤)**




١٠) ا.نەوزاد خۆی نانەکەی کڕی.
i i

ب. *خۆ نەوزادی نانەکەی کڕی.

پ. *نەوزاد خۆ نانەکەی کڕی.

١١) ا. من ئەوم بینی.
j i

ب. ئەو ئەوی خۆشدەوێت. *ئەو ئەوی خۆشدەوێت.
j i i i

پ. *من منم بینی.
i i

ت. *نەوزاد نەوزادی بینی.
i i

بەستنەوەکە لەو کاتەوە دەبێت بە سیمانتیکیی، کە بەستنەوەی جیاوازی نێوان فرێزەکان، دەرکردەی واتایی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە. لە ڕاستییدا، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان کۆدێک بوون، کە کۆمەڵێک نیشانەیان لە خۆیاندا حەشاردابوو، بۆیە لە هاتنەدەرەوەیاندا بە بێ مارکەلێدانی یەکێک لە نیشانەکان، واتای کۆدەکە بۆ گوێگر لێکنەدەدرایەوە. ئەو لێکدانەوەیە بۆ دەربڕینی فۆرمەسینتاکسییەکانیش هەمان شت بەدەستەوە دەدات. فۆرمداڕشتنی سینتاکسیی، هاوشێوەی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان/ یەک_لێکسێمییەکان (فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکانیش بۆ چەمک و شتی دەرەوەی زمان دادەڕێژرێن)، بۆ چەمک و بیرو دنیابینییەک داڕێژراون، بۆیە دەبێت پێشبینیی ئەوە بکرێت، کە داڕشتنی هەر فۆرمێکی سینتاکسیی واتایەکی تایبەت بە خۆی ڕابگەیەنێت و بەیانبکات، بۆ نموونە هەردوو ڕستەی >نەوزاد نان دەخوات< و >ئازاد نامە دەنووسێت< دوو فۆرمی جیاوازن و بۆ دوو بیرو ناوەرۆکی جیاواز داڕێژراون. واتا دوو بیچمی سینتاکسیی جیان و دوو بیرو زانیاریی جیاشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووەو

داڕشتنی فۆرمەکەشیان بۆ گەیاندنی بیرو زانیارییەکەیە. گوێگر لە بیستنی هەردوو ڕستەکەی سەرەوەدا لە ڕێی بیستنی کۆدەکانەوە زانیارییەکان بە پێی نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوەکە لێکدەداتەوە، بەڵام بۆیە هەردوو ڕستەکە بۆ سینتاکس لێکدانەوەی تری نییە، چونکە بەپێی بانگەشەی تیۆری بەستنەوە، فرێزەکانیان (واتە ئازاد،نەوزاد،نان، نامە) نەبەستراوەو ئازادن، بەوهۆیەشەوە ڕستەکان یەک بیچم و یەک لێکدانەوەیان هەیە.

بۆ ئاخێوەری زمانەکە، ئەو دروستە سینتاکسییانە پێویستیان بە مارکەونیشانەکردنە، کە لە بیچمێکدا خۆیان دەنوێنن و چەند واتاو لێکدانەوەیەکیان تێدا حەشاردراوە. لەو کاتانەدا تیۆرەکە پێوەرێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی لە یەک بیچمدا هەڵگیراون. ئەویش بۆئەوەی مەوداکانی نێوان قسەکەرو گوێگر یەکسانبکرێنەوە. قسەکەر لە کاتی دەربڕینی دروستەکەدا، پەیوەست بە بەستنەوەکانەوە، چەمک و بیرو زانیارییەکانی دەنێرێت، گوێگریش ئەگەرچی دروستەکەی بە هەمان بەستنەوەی بۆ گەیشتنی زانیارییەکە لەلایە، بەڵام مەرج نییە، لەهەمان کاتدا بەدەستی بهێنێتەوە، بۆیە نیشانەکردنەکە دەبێتە ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی ناواخنی دروستە سینتاکسییەکە. بەدەستهێنانەوەو بیرکەوتنەوەی واتا جیاوازەکانی بیچمێکی سینتاکسی لەلای گوێگر دەبنە بەڵگەی هەبوونی هەمان زانیاریی لای گوێگر. واتا وەک پێشتر گوترا، ئەگەرچی دەوروبەرەکان کاریگەرییان لەسەر خێرایی تێگەیشتنی گوێگر هەیە، بەڵام دەبێت زانیارییەکان ناوەکیی(Internal) بن و دەوروبەر یارمەتییدەربێت بۆ بەدەستهێنانەوەی. لە ڕێی نموونەکانی خوارەوە بەڵگەکان دەهێنرێنەوە .

(١١٢. نەوزاد دەیەوێت، ئەو خۆی کارەکە تەواو بکات.

i i i

ب. ا. نەوزاد دەیەوێت، ئەو خۆی کارەکە تەواو بکات.

j j i

پ.بێستوون و دڵشاد داوایان لە نەسرین و شەونم کرد، کە (pro) بڕۆن .

i i j

ت. ئەوان داوایان لە نەسرین و شەونم کرد، کە (pro) بڕۆن .

i j i

(١١٣. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد.

ب. ئەو کوڕەکەی بە دەمانچەکەی کوشت.

نموونەکان (١٢ و ١٣) چەند دروستەیەکی سینتاکسیین و لە فۆرمی ڕستەی سادەو ئاڵۆزدا نوێنراون. دیوی دەرەوەی ڕستەکانی (١٢_ا،ب،پ،ت) هەمان بیچمیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕستە ئاڵۆزەکە فرێزی ئانافۆریی {خۆ}ی تێدایەو دەبێت، بەستراوەبێت و لە ڕووی واتاشەوە، دەشێت، توخمەکانی ناو ڕستەکان خاوەندارییان هەبێت ، بۆیە گوێگر بۆ هەڵهێنجانی واتاکەی، بەو شێوەیەی (١٢_ا،ب) بە ( i، j) لە هاونیشانەکراون، دوو لێکدانەوەیان لەبەردەمدا دەبێت: لە یەکەمدا ئانافۆرەکە لەگەڵ بکەری ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەمان کەسن و لەیەک کاتدا بە هەردووکیانەوە دەبەسترێتەوەو نیشانە دەکرێت، (١٢_پ،ت)ش بەستنەوەی یەکەم ئەوە دەگەیەنێت، (بێستوون و دڵشاد داوادەکەن بڕۆن)، بەڵام لە دووەمدا (نەسرین و شەونم دەڕۆن). لە (١٣)شدا ئەگەرچیی بۆ خاوەندارییەکان ئانافۆرەکان دەرنەبڕاون، بەڵام لەسەرێکەوە، دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی فرێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەندارییە و لەسەرەکەی ترەوە فرێزێکی لەڕێی نیشانەی /ی/ەوە پرۆسەی ڕێککەوتنی (Agreement)ئەنجامداوە، نەک بەستنەوە، بۆیە لێکدانەوەکە بەو جۆرە دەبێت، کە (ا) گەر پرۆسەکە ڕێکەوتن بێت، ئەوا فرێزەکان بەستنەوەی جیاوازیان دەبێت و یەک ڕەهەندی واتاییان دەبێت، بڕوانە (١٤). (ب) ئەگەرچیی مۆرفێمی /- ی/ لە فرێزەکانی {براکەی، ژنەکەی، دەمانچەکەی} مۆرفۆسینتاکسی و ئانافۆرییە، بەڵام بۆ دەرهێنانی واتاشاراوەکانی ئەو دروستانە،

لەسەرەتادا دەبێت، ئانافۆرە دەرنەبڕاوەکان دابنرێنەوە، پاشان لە ڕێی بەستنەوە جیاوازەکانیانەوە، ڕەهەندەواتاییەکانی ئەو بیچمە سینتاکسیانە ڕوونبکرێنەوە، چونکە ئانافۆرەکان بەستنەوەی جیاوازیان لەگەڵ بۆگەڕاوەکانیاندا دەبێت. بڕوانە (١٥).

١٤) ا. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد.
j i

ب. ئەو کوڕەکەی بە دەمانچەکە کوشت.
k j i

١٥) ا. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.
i i i

ب. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.
j i j i

پاش ئەوەی لە نموونەکانی (١٥)دا ئانافۆرەکان دانرانەوەو بەپێی خاوەندارییەکان بەسترانەوە، دەرکەوت: لە یەکەمدا {ژنەکە و براکە} هی {پیاوەکە}ن، بەڵام لە دووەمدا {ژنەکە}هی {پیاوەکە}و {براکە}ش هی {ژنەکە}یە .

لە نموونەکانی سەرەوەدا بەستنەوەکان بۆ نیشاندانی ناوەخنەواتاییەکانی بیچمی ڕستەکانە، کە دەشێت گوێگر لە ڕێی پرسیاری لە جۆری >برای کامیانە؟<ەوە یەکێک لە واتاکانی دەستبکەوێت .

ئەگەرچیی نموونەو شیکردنەوەکانی سەرەوە بۆ زمانی قسەکردن هێنرانەوە، بەڵام دەکرێت لێکدانەوەی بیچمەکان بۆ نووسینش هەمان خستنەڕوو و ئەنجامی هەبێت، بۆ نموونە ڕستەیەکی لە جۆری (١٦)، هەرچەندە ئانافۆرەکانیش بەرجەستەکراون، وەک مانشێتی ڕۆژنامەیەک بۆ خوێنەر دوو مارکەلێدان هەڵدەگرێت، چونکە بە پێی نیشانەکردەکان، لە یەکەمدا ماڵەکە هی مامجەلالە و لە دووەمدا هی کاک نەوشیروانە.

١٦) ا. مامجەلال کاک نەوشیروانی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی.
i j i

ب. مامجەلال کاک نەوشیروانی لە ماڵەکەی خۆیدا بینی.
j j i

١/٣ ) ڕێککەوتن و بەستنەوە لە دەقی شیعرییدا

شاعیران داهێنەری یاساکانی زمان نین، تەنانەت پێش لەدایکبوونی ئەوانیش یاساکانی زمان هەبوون، هەروەها دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە شاعیر وەک هەر ئاخێوەرێکی زمان لە ڕێگای پرۆسەی زمان پژانەوە زمانی وەرگرتووەو توانست و توانای زمانییان لەگەڵ ئاخێوەری زمانەکەی خۆیدا وەک یەکن .

دەتوانرێت بگوترێت، کە شاعیر زمان بۆ دەربڕینی شیعرەکانی بەکاردەهێنێتەوەو پێڕەوی ئەو یاساو ڕێسایانەش دەکات، کە ڕێزمان و سینتاکسی زمانەکەی قبوڵیەتی. واتە ئەویش ئەو زانیارییە سینتاکسییانە جێبەجێدەکات، کە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەن، ئەگەر لادان لە سینتاکس و واتای زمانە شیعرییەکەشی بکات، ئەوا لەسەر بنەمای سنتاکسی دروست و و واتای ڕاست ئەنجامی دەدات .

واتە کاتێک دەزانرێت شاعیر لە سینتاکس و واتادا لادانی کردووە، کە ڕێگای ڕاستی بەکارهێنانەکە بزانرێت. ئەگەرچیی شاعیر چەند لادانی زمانیی ئەنجام بدات، هێندە لە شیعرییەت نزیک دەبێتەوە (محەمەد مەعروف فتاح (٢٠١٠: ٤٠١_٤٠٥))، بەڵام هەندێک خستنەڕوو لای شاعیر هەن، کە بە یەک بیچمەوە دەردەکەون و هیچ لادانێکی ڕێزمانیی تێدا نییە. لەم جۆرە فۆرمانەدا شاعیر واتایەکی فەرهەنگیی و ناوەکیی هەیەو لە ڕێی دارشتنی یەک فۆرمەوە دەیخاتە ڕوو .

شاعیر لە ڕێی سەلیقەیەکی زمانییەوە، بە فۆرمێکی زمانیی، ناوەرۆکێک دەردەبڕێت، کە خوێنەرو گوێگر پەیان پێنەبردووە. واتە تەسەورەکە هەیە، ئەگەرچیی کۆدکردنەکە/ بە جفرەکردنەکە پرۆسەی تەسەورەکانی (چەمک و ناوەرۆکەکانی) قسەکەر/گەیەنەرە بۆ هێمای زمانیی، واتە چۆن دروستە بیرییەکان دەگۆڕێن و دەکرێن بە دروستەی زمانیی(محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩ : ٥٨))، بەڵام مەرج نییە لای خوێنەرو گوێگرەکە درکیپێبکرێت و هەموو ڕەهەندە واتاییەکان لێکبدرێنەوە. تەسەورەکە لای شاعیرەکە پێشبینیی و مەزەندە کراوە. لەو دەمەشدا شاعیرەکە تەنها چالاککەرو بیرخەرەوەی ئەو بیرەیە، کە دەیەوێت بیگەیەنێت و خوێنەرو گوێگری پێتاقیدەکاتەوە. ئەوەی لە (١/٢)دا سەبارەت بە تیۆری بەستنەوە پەیوەست بە هاونیشانەکردنی فریزەکانەوە ڕوونکرایەوە، بۆ جێکەوتە دەرنەبڕاوەکانی فرێزەکانیش هەر ڕاستە، چونکە دەبێت پێشبینیی ئەوەش بکرێت، کە ڕەنگە فرێزێکی بەرجەستەکراو لەگەڵ جێکەوتەی فرێزێکی بەرجەستەنەکراو ببەستێتەوە. لەوێوە شاعیرەکە بەهۆی فرێزە بەرجەستەنەکراوەکانەوە فرەناوەرۆکیی لە ڕێگای بیچمێکەوە دادەرێژێت و شیعرییەتی خۆی دەنوێنێت، ڕوونکردنەوەکان لە سەر بەیتێکی نالیی لە (١٧)دا دەخەینە ڕوو.

١٧ ) وتی نالی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم

خودا کەی بآ خودا کەی بێ خودا کەی

لە نموونەیەکی وەک (١٧)دا، نالیی لە ڕێی بەیتێکی ڕێزماندروستەوەو بەهۆی بەستنەوەو ڕێککەوتنی جیاوازەوە فرەناوەرۆکیی و ڕەهەندیی واتایی لە یەک بیچمدا خستووەتە ڕوو، ئەگەرچیی نووسینی ئەم بەیتە زیاتر لە سەدەو نیوێکە، بەڵام خوێنەر بەتەواویی پەی بە ڕەهەندە واتاییەکانی ئەو بیچمە نەبردووە. نالیی لە ڕێی ئەو بەیتەوە خوێنەری خۆی تاقیکردووەتەوەو تەسەورێکی خۆی بە زمان بەرجەستەکردووەو بە ئاگاییەوە فرەواتاییەکانی بە بەستنەوەوهاوپێرستەکانی لە هەمەجۆری فرێزەکان و جێکەوتەبەتاڵەکانەوە دەرخستووە. لە (١٨) لە ڕێی شیکاری بەیتەکەوە واتاکان لێکدەدەینەوە.

١٨) ا. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
i j j i
خودا (pro) کەی بێ خودا (pro) کەی بیٚ خودا کەی
i i

ب. ا. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
i j j i
خودا کەی بێ خودا کەی بیٚ خودا کەی
k k

پ. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
i j j i
خودا کەی بێ خودا کەی بیٚ خودا کەی
i i

ت. (ئەو/pro) وتی نالیی ئەتۆ بمرە(مردن) ئەمن دێم
i j j k i
خودا (مردن) کەی بێ خودا (مردن) کەی بیٚ خودا کەی
k k

نموونەی (١٨_ا،ب،پ،ت) دەرخەری ئەو تەسەورانەیە، کە لە ئاوەزی شاعیردان و لە ڕێی بەستنەوە جیاوازەکانەوە لە یەک بیچمدا گەیاندونی. بەستنەوەکان نیشانەیەکن لە ڕێگایەوە ئەوە پەیپێدەبرێت، کە شاعیر کام ناوەرۆک و تەسەور دەخاتە ڕوو. لە (١٩) ناوەرۆکەکانیان لێکدەدرێنەوە:

١٩) ا. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. ئەوا مەرجی مردنم جێبەجێکرد (واتە ئەوا مردم) خوایە ئەو کەی دێت؟!

ب. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. خوا کەی دێت؟ تابممرێنێت و مەرجی مردن جێبەجێ بکات، تا ئەو بێت.

پ. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. ئەو کە خوایە کەی دێت. (واتە مردن هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە خوا)

ت. ئەو وتی مەرجی هاتنی من بۆلات ئەوەیە، کە بمریت. مردن کەی دێت، تا ئەو ببینم. واتە مردن بە ئاوات دەخوازم مادام، مەرجی هاتنی ئەوە.

لە نموونەکەی (١٨)دا فرێزەکان بەو فرێزانەوە بەستراونەتەوە، کە هەمان پێرستیان (co index) هەیە، واتە هەمان شتن، بەڵام تەنها بەستنەوەی جیاوازی ئەوان واتا جیاوازەکەی دروستکردووە. سەرەڕای ئەوەش پێشبینیی دەکرێت، شاعیر لە دەربڕینە شیعرییەکەیدا واتای نوێ لەو بەستنەوانەدا بەرهەمبێنێت، کە کتومت هەمان پێرستان نەبێت، واتا لە کۆی پێرستی هەردوو فرێزەکە مارکە/نیشانە لە یەکێک یان زیاتری نیشانەکانی ناو فرێزەکە دەدات، بە جۆرێک لە ڕێی لەبەرگرتنی پێرستی هەردوو فرێزەکەوە لە نیشانە مارکەلێدراوەکە واتاکە بەرجەستەدەکرێن، بڕوانە نموونەی (٢٠).

٢٠) ئاسمانی حوسنی مەحبوبەم لە ئەبرۆو زوڵف و ڕوو

k j i

دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە

k j i

بەستنەوەکانی فرێزەکانی نموونەی (٢٠)، ئەوە دەردەخەن، کە بەشێک لە نیشانەکانی پێرستی فرێزەکان بۆ بەستنەوەکان وەرگیراون، نەک کۆی پێرستەکە، ئەوەش بەشێک دەبێت لە ئاوەزمەندیی لە دروستکردنی شیعرییەت لە لای نالیی، بڕوانە پێرستی فرێزە بەستراوەکانی نیوەدێڕی یەکەم و دووەمی و دیاریکردنی نیشانەکردنەکانی پێرستەکە لە (٢١)دا.

(٢١

برۆ ← دوو هیلال

+ ژمارە/ دووانە

+ کەوانەیی

+ کات / شێوەی کاتێکی مانگ نیشاندەدات

+ بەئاسمانەوە/ لەبەرزییە

+ ئەستێرە

+ ڕووناکیی

زوڵف          دوو شەو

+ژمارە/ دووانە
+ تاریکیی/ ڕەشیی
+کات
+ماوە
+ هۆکار/ وادەکات ڕووناکییەکان باشتر و جوانتر دەربکەون

ڕوو          دوو ماهی تابان
+ ژمارە/ دووانە
+ ڕووناکیی/ دەدرەوشێتەوە
+ جوانیی
+ کات
+ ماوە

بە پێی نیشانەکردنەکانی (٢١)، بەستنەوەکان لە نێوان بەشێکی پێڕستی فرێزەکانی {برۆ – دوو هیلال}و {زوڵف – دووشەو}و {ڕوو _ دوو ماهی تابان} دەردەکەوێت، کە لە کۆی پێڕستەکە چەند نیشانەیەک وەرگیراون، بە جۆرێک نیشانەکردنەکە/بەستنەوەکە پەیوەست بە (برۆ و زوڵف و ڕوو) زانیاریی لەسەر ئاوەزمەندیی(Mentality)و دنیابینیی شاعیرەکە دەدات، ڕوونکەرەوەشە. بۆ نموونە: شێوەی (برۆ) ڕووندەکاتەوە کە کەوانییەو دووانە، شێوەو ڕەنگی (زوڵف) ڕووندەکاتەوە، کە دوو بسکیی و دوو پرچییە، شێوەو ژمارەی (ڕوو) ڕووندەکاتەوە، کە دووانەو جوان و درەوشاوەیە. لە ڕاستیدا پەیوەست بەستنەوەی (ڕوو_ دوو ماهی تابان)ەوە ساخکەرەوەشە، ئەو نیشانانەی لە (دوو ماهی تابان)ەوە وەرگیراون، ئەوە دەردەبڕن (ڕوو) کورتکراوەی (ڕوومەت) بێت، کە دووانەو جوانن و دروەشاوەن.

وەک ئاماژەی بۆکرا، بەستنەوەکان دەربڕی ئاوەزمەندیی شاعیرەکانە، کە ئایا لە کۆی پێڕستی دوو فرێزی ناویی پێکەوە بەستراو کام نیشانانە پێکەوە دەبەستێت و مارکەیان لێدەدات. واتە بەستنەوەکان بۆ کۆی پێڕستەکەو بۆ یەک یان دوو نیشانەی پێڕستەکە پێشبینیی لێکراوە. پەیوەست بە نموونەی (٢١)ەوە، بڕوانە نموونەی (٢٢)، کە تێیدا لە شێوەی هیلالیی برۆی نیشانەو کاتی هاتنی جەژنی هەڵێنجاوە. (سنووری توێژینەوەکە ڕێگای ئەوە نادات، کە شیعریی شاعیران بهێنرێتەوە بۆ دەرخستنی ئاوەزمەندییەکان لە بەستنەوەدا)

(٢٢هەرکەسێ ڕووی تۆ دەبینێ خۆی بە قوربانی ئەکا
چونکە ئەبرۆی تۆ هیلالی جەژنە، قوربانیی دەوێ
i i

هەروەها گەر بڕوانرێتە نموونەی (٢٣) بەستنەوەکان بە پێی نیشانەکانی ئەو پێڕستە جێبەجێ کراون، کە شاعیر هەڵاوێری کردوون، کە دەربڕی ئاوەزمەندیی شاعیرەکەن، نواندنی پێڕستەکە لە (٢٤)دا نیشانەکردنەکە نیشاندەدات، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لە کۆی پێڕستەکە کامانەیان بەستراونەتەوە.

٢٣) دڵم بۆ زوڵف و ڕووی جانانە دەگری
k j i
مناڵەو بۆ گوڵ و ڕیحانە دەگری (بێخود)

j k i

٢٤) دڵ      مناڵ

+ تەمەن
+ توخم (نێر یان مێ)
+ پێنەگەیشتوویی
+ لاساریی
+ گرۆگرتن
+ داواکردنی شت بە گریان

زوڵف      ڕێحانە

+ ڕووەک
+ بۆنخۆشیی
+ ڕەنگ (ڕەش و سەوز)

ڕوو      گوڵ

+ ڕووەک
+ ڕەنگ
+ بۆنخۆشیی
+ جوانیی

لە نموونەکانی (٢٠، ٢١)و (٢٣، ٢٤)دا هەریەک لە نالیی و بێخود لە دوو پێرِستی جیاوە نیشانەکان بۆ (زوڵف) وەرگرتووە، ئەوەش دەربڕی ئاوەزمەندیی شاعیرەکانە بۆ نیشانەکانی ڕەنگ و بۆنی زوڵف.

لە ڕاستییدا پەیوەست بە نیشانەکانی (گوڵ)ەوە لە (٢٣ و ٢٤)دا، لەبەر ئەوەی وشەکە هایپۆنیمییەو گشت جۆرو نیشانەکانیش لەخۆدەگرێت، بۆیە دەشێت نیشانەی [+بۆنخۆشیی]و [ +جوانیی ]نیشانەیەکی چەسپاوی <گوڵ> بن و لە دنیابینیی و یادگەی درێژخایەنی (Long memory) کۆی ئاخێوەری کوردییدا بۆ ئەو شتە دانرابێتن و پارێزرابێتن و لە ئێستادا ڕێکەوتنی کۆمەڵیی (جەماعیی) لەسەر بێت. نیشانەی [+بۆنخۆشیی] و [ +جوانیی ] نیشانەیەکن، بوونەتە چووەتە فەرهەنگی زمانەوە، کەمتر ڕەهەندی شیعریی هەیە. هەروەها هەمان شتیش بۆ بەستنەوەی نیشانەی بۆنخۆشیی لە ڕیحانەدا. ڕەنگە بەستنەوەی زوڵف بە نیشانەی [+ ڕەنگ]ی ڕیحانەوە

لە پارەکانی سەرەتاوە ئەوە خرایە ڕوو، کە دروستەی ڕێککەوتن و بەستنەوە ڕەهەندیی سینتاکسیی و واتاییان هەیە. ڕێککەوتن لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا باکگراوندو پاشخانەکەی پەیوەستە بە دروستە سیمانتیکییەوەی کە لە دروستە سینتاکسییەکانەوە پێشنیاز دەکرێت، بڕوانە نموونەکانی (٤ ، ٥، ٦)لە پاری یەکەمدا، بۆیە بوونی دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی لە دێڕە شیعرێکدا، دەبێت: (ا) بە دروستە سینتاکسییەکەیەوە ببەسترێتەوە، تا واتاکەی لێکبدرێتەوە، (ب) بەتەنها واتای دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی لە دێڕەکەدا لێکبدرێتەوە، تا ئاسۆی چاوەڕوانیی شاعیرەکەو شیعرییەتی شاعیرەکە دەستنیشان بکرێت. بڕوانە نموونەی (٢٥)و (٢٦)و (٢٧).

٢٥) ا. ئەی شینپۆشی کەمانچەژەن

بمبەرەوە (شێرکۆ بێکەس)

ب. ئەی شینپۆشی کەمانچەژەن
بمبەØرەوە Trace pro
j j j i

٢٦) ا. نەتزانیوە
کە شاعیرێ بە تۆ دەگا
شنەی نیگات
پەپوولەی خەیاڵی مەستی
بۆ کوێ دەبا؟ (دیوانی د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی (٢٠١٨))
ب. pro trace نە تزانیØ وە
j i j i
کە شاعیرێ بە تۆ دەگا
شنەی نیگات
پەپوولەی خەیاڵی مەستی
بۆ کوێ دەبا؟
٢٧) ا. تۆ نازانی
بە ئەو جوتە چاوەی
لە ئەستێرەی ئاسمان ئەچن
پەپولەی گیانی مردووی من
بۆ کوێ ئەبەی ؟

ب. تۆ trace نازانیت
i j i
بە ئەو جووتە چاوەی
لە ئەستێرەی ئاسمان ئەچن
پەپولەی گیانی مردووی من
بۆ کوێ ئەبەی ؟

پ. نەوزاد تۆ من ببەرەوە ← بمبەرەوە
ت. خوایە بمبەرەوە بۆ خانەی خۆت ← بمبەرەوە (بممرێنە/ بمکوژە)

لە نموونە شیعرییەکەی (٢٥)دا دروستەی مۆرفۆسینتاکسییەکەی (بمبەرەوە) لە (٢٥_ب)دا: (ا)بە هۆی بەستنەوەو ڕێککەوتنیەوە بە دێڕەکەی پێش خۆیەوە، واتای بردنەوەو گەڕاندنەوەی هەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکە تر، واتە کەمانچەژەنەکە بە ئاوازی کەمانچەکەی شاعیر بباتەوە بۆ وڵات، تا لەگەڵ کۆستی کەوتووی خەڵکدا بێت، (ب) دروستەکە بەتەنها پێشبینی ئەوەشی لێدەکرێت، کە واتەی (بمکوژەو بممرێنە)ی هەبێت، چونکە گەر بڕوانرێتە نموونەیەکی لە چەشنی (٢٨) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کرداری (بردنەوە ) واتای ناپێکهاتەیی گیانکێشان و گەڕانەوەی بۆ لای خوداشی هەیە.
٢٨) ا. خوایە بمبەرەوە بۆ خانەی خۆت.

ب. ڕەبی خوا بتباتەوە.

لە نموونە شیعرییەکەی (٢٦)و (٢٧)یشدا ، دەربڕاوە مۆرفۆستاکسییەکەی (نەتزانیوە و تۆ نازانی)، دەربڕاوێکی تاکوتەنیای لەو چەشنە بە بێ دەستنیشانکردنی ئەو ئارگومێنتانەی لەگەڵ (pro)و (trace)کەدا ڕێککەوتوون، واتا پێکهاتەییەکەی هەڵناهێنجرێت، بۆیە ئەگەرچیی شاعیر کردویەتییە ترۆپکی (topic) دەربڕینەکەی، بەڵام بەهۆی ئارگومێنتەکانی دواترەوە (ا) لەسەرێکەوە پەی بە واتا پێکهاتەییەکەی دەبرێت، (ب) لەسەرێکی تریشەوە دروستەکە واتایەکی ناپێکهاتەییش دەردەبڕێت، کە شاعیر، لە ڕێی کردارەکەوە بەرجەستەی دەکات، ئەویش لە (٢٦_ب)دا دەردەکەوێت، کە (نەتبیستووە)، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو واتایە بڕوانە نموونەی (٢٩).

٢٩) ناتزانییوە نەوزاد هاتووەتەوە. / نەتبیستووە نەوزاد هاتووەتەوە

نموونەکانی سەرەوە بەستنەوەو ڕێکەوتنەکان لە چێوەی بەیت یان دێڕو کۆپلەدا لێکدرانەوە، لە ڕاستییدا بۆ دۆزینەوەی ئاوەزمەندیی شاعیر پەیوەست بە بەستنەوەکانەوە دەبێت هەنگاو بۆ کۆی دەق و کۆی شیعرو دیوانە شیعرییەکەنی شاعیر بنرێت . بڕوانە نمونەی (٣٠)

٣٠) ا. حاڵی بکە بە خوفییە کە ئەی یاری سەنگ دڵ

i

ناڵیی لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور (ناڵیی)

i

ب. تۆ ئەو حاڵی بکە بە خوفی: کە ئەی یاری سەنگ دڵ

i i j

ناڵیی لە شەوقی تۆتە دەنێرێ سەلامی دوور

i k

پ. قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

j

وەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارازوور

j

بۆ نموونە ناڵیی لە کۆتایی چامەکەیدا فرێزی {یاری سەنگ دڵ}ی بەبێ بەستنەوی پێشتری بە فرێزێکی تری دەقە شیعرییەکەیەوە دەربڕییوە، بۆ نموونەی (٣٠- ب) گەر بڕوانرێتە بەستنەوەکانی لەگەڵ کۆی دەقەکەدا، ئەوا دەردەکەوێت، کە (ا) فرێزی {تۆ} پێشبینیی بەستنەوەکەت لەگەڵ فرێزی {بادی خۆش مروور} یان کەسێک کە نامەکەی بۆ نێردراوە (پێشبینیی دەکرێت سالم بێت)، بڕوانە (٣١_ا). (ب) لە فرێزەکانی (٣٠- ب)دا هەریەک لە {ئەو}، {تۆ}ی نیودێری دووەم بەهۆی هاوپێڕستییەوە بەستراونەتەوە، لە هامانکاتدا فرێزی {یاری سەنگ دڵ} لەگەڵ هەریەکەیاندا بە هۆی بەشێک لە پێرستەکانیانەوە بەستراوەتەوە. بروانە (٣١- ب). (پ) بۆ بەستنەوەی فرێزی {یاری سەنگ دڵ} دەبێت بەچینە کۆی دەقە شیعرییەکانی ناڵییەوە تا ئەو فرێز/کاراکتەرە دەستنیشان بکرێت، کە بە ناهاوپێڕستیی فرێزەکەی پێوەبەستراواتەوە. لەو ڕوانگەیەوە گەر بڕوانرێتە نموونەی (٣٢) دەتوانرێت پەی بە نیشانە هاوپێڕستەکانی ببرێ و دەستنیشانی فرێزە بەستراوەکانی بکرێت، بشڕوانە (٣٣).

٣١) ا. تۆ ← بادی خۆش مروور
← سالم

ب. تۆ/ ئەو ← یاری سەنگ دڵ

٣٢) خەندە و دەمی مەحبووبە کەوا زۆر نمەکینن

i

بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن

نالی وەرە لادە لە خەدەنگی موژەیی یار

i

ئەو کافرە مەستانە کە غارەتگەری دینن

i

٣٣) مەحبوبە/ حەبیبە ← یاری سەنگ دڵ
← یار
← کافر

**ئەنجام**

١.ڕێککەوتن و بەستنەوە لە زمانی کوردییدا ڕەهەندیی سینتاکسیی و واتاییان هەیە، بە جۆرێک دروستەی ڕێککەوتن لە نواندنی سینتاکسییەکاندا بەهۆی مۆرفێمەکانی ڕێکەوتنەوە واتای جیاوازی هەمان نواندن دەستدەکەون، سەرباری ئەوەش لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا بەهۆی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن جگە لە واتا پێکهاتەییەکان(compositional) ، واتای ناپێکهاتەیی non compositional) وئیدیەمیی بەرهەمدێنێت. بەستنەکانیش وادەکەن دروستە سینتاکسییەکان بە هەمان نواندنەوە واتای جیاواز بنوێنن .

٢.پەیوەست بە خاڵی یەکەمەوە لەبەرئەوەی لە زمانی کوردییدا تایبەتمەندیی فرەواتایی لە دروستە سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسییەکانییدا هەن، بۆیە شاعیر لە زمانە شیعرییەکەیدا بەکاریدەهێنێتەوەو پەرەی پێدەدات. بەجۆرێک شاعیر بە بێ لادانی فۆرمیی دەتوانێت بە ڕێککەوتن و بەستنەوەی جیاواز واتای ئاوەزی خۆی دەربڕێت

٣.لە ناو دەقە شیعرییەکاندا بەستنەوەی فرێزەکان لە جۆری هاوپێرستیی هەن، کە شاعیر بۆ دەربڕینی واتای شیعریی بە هەمان نواندنی دروستەییەوە بەرجەستەی دەکات. هەروەها بەستنەوەی ئەو جۆرە فرێزانەی هاوپێرست نیین و شاعیر بە هۆیەوە ئاوەزمەندیی و دنیابینیی خۆی پێدەردەبڕێت. واتە بەشێک لە نیشانەکانی پێرستەکە وەردەگرێت نەک هەمووی.

**سەرچاوەکان**

**بە کوردی**


١. ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥)، ڕێککەوتنی سێنتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانیی.

٢. محەمەد مەعروف فەتاح، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی : شیروان حسێن خۆشناو و شیروان میرزا قادر (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکوریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣. محەمەدی مەحوی (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك_وابەستە بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی

٤. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩)، زانستی هێما،واتاو واتالێکدانەوە. بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

**گۆڤار:**

٥. عەبدولجەبار موستەفا مەعرووف (٢٠١٤)، زانیارییەزگماکییەکان و دروستی فۆڕمەگۆڕاواکان لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی ، بەشی B، ژمارە(٣٨).

٦. عەبدولجەبار موستەفا مەعرووف (٢٠١٨)، نیشانەکردنی سینتاکسییانەو توخمییانە لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدیین ، بەرگی ٢٢، ژمارە(٦).

بە ئینگلیزیی:

٧. Chomsky, N. (١٩٨٦a) Knowledge of language: ite nature, origin, and use, New York, prager.

٨. Chomsky, N. (١٩٩٣) Lectures on government and binding, the pisa lecture, ٤th ed, Foris: Holland.

٩. Cook, V.J & Newson, M.L. (١٩٩٧) Chomsky's Universal Grammar ٢nd, black well: Oxford.

١٠. Trask, R. L. (١٩٩٣) A dictionary of Grammatical in linguistics, Routledge: London.

١١. Steinberg, D. (١٩٩٩), Psycholinguistics Language, Minct and World, London & New York.

**پێگەی ئینتەرنێت:**

http://www.eggschool.org/wp-content